# لەساڵیادی ئەنفالدا لە سلێمانی
# دادوەر منداڵێکی دوو ساڵان تەوقیف دەکات!

خەبات شێخ وەسانی

دوێنێ هەژدەهەمین ساڵرۆژی کارەساتە بەدناوەکانی ئەنفال بوو، ئەو ژینۆسایدەی کە رژێمی شۆفێنی بەعس بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامی داوە, ئەو وێنەی لەگەڵ ئەم بابەتەش دەیبینن وێنەی (لالەئازاد) ئەوکچە تەمەن دوو ساڵیەیە کە لەکاتی شەرمەزارکردنی ئەم تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییە و پشتگیرکردن لە خۆپیشاندان و چالاکییەکانی گەلی باکوری کوردستان و شەرمەزارکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن سوپای تورکیاوە لە رێپێوانەکەی 2006/4/13 لە گەڵ دایکی لە لایەن ئاسایشی شاری سلێمانی سەر بە(یەکیەتی نیشتیمانی) یەوە دەستگیرکران.

بەڵێ ئەوەی دوێنێ ئەنفالچیەکانی بەعس بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامیان دەدا ئەمڕۆ ئاسایشی یەکیەتی بەرامبەر بەو کەسانە ئەنجامی دەدات کە ئەنفال و ئەنفالچیەکان ریسوا و شەرمەزار دەکەن، هاوشێوەی ئەنفالچیەکان ژن و منداڵی ساوا راپێچی زیندان دەکەن، ئەو تابلۆیانەی لەکۆتایی مانگی ئادار لە شارەکانی ئامەد، باتمان، ئەستەمبوڵ، سلۆپی و شارەکانی دیکە بینیمان لە 2006/4/13 لە رێپێوانەکەی شاری سلێمانی و بازگەی تاسڵوجە بینیمان، چۆن پۆلیس وسەربازی تورك سوکایەتیان بە خۆپیشاندەران دەکرد، لێیان دەدان، سەرباری هەڕەشەکردن چەندین هاوڵاتی مەدەنییان کوشت، بەهەمان شێوە پۆلیس و ئاسایشی سەر بە یەکیەتیش سوکایەتیان بە خۆپیشاندەران کرد، لێیاندان، جگە لە هەڕەشەکردن بەدەیانیان لێ دەستگیر کردن، چەکیان لێ راکێشان، کە ئەمەش بە واتای کوشتن دێت. تاوانی ئەوانەی ئامەد؛ کوردبوون، خاوەنداریێتی کردنی شەهیدان و شەرمەزارکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو، تاوانی ئەوانەی سلێمانیش؛ شەرمەزارکردنی ئەنفال، شەرمەزارکردنی دەوڵەتی تورك بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، پشتگیری کردن لە کوردەکانی باکوری کوردستان و مافە رەواکانیان بوو، بەڵێ ئەو کوردانەی لەکاتی ئەنفال و کۆڕەو دەرگاکانیان لێکردینەوە و پشتیوانیان لێ کردین بە هەموو جۆرێك هەوڵیاندا کەمێکیش بێت برینەکانمان سارێژ بێتەوە. ئەمڕۆش دەسەڵاتی (کوردی) ئەو کەسانە دەستگیر و دادگایی دەکات کە پشتگیری لە کەسانێك دەکەن کاتی تەنگانە و لێقەومان پشت و پەنامان بوون و بەم جۆرە پاداشتیان دەدەنەوە. بۆچی دەسەڵاتی یەکیەتی نیشتیمانی بە پێویستی دەبینێ ئەم جۆرە رەفتار و کردەوانە ئەنجام بدات؟ ئەمە زادەی چ جۆرە لۆژیك و بیرکردنەوەیەکە؟ بۆچی دەبێ ئاسایشێ بەزمانی کوردی بڵێ: ئێمە برای کوردەکانین رێگاتان پێنادەین کاری دژ بە دەوڵەتی تورك بکەن!

لە هەشتاکان لە کاتی کیمیا بارانی هەڵەبجە و ئەنفال؛ رژێمی تورکیا بە هۆی دۆستایەتیەکەی لەگەڵ رژێمی ئێراق چاو پۆشی لەو تاوانانە کرد، گەلی کورد لە (کوردستانی تورکیا)ش پشتگیرییان لە ئێمەی لێقەوماو کرد، ئەمڕۆش گەلی باشور پشتگیری لە کوردانی باکور دەکات، دەسەڵاتی کوردیش لە سلێمانی شانبەشانی برا و دۆستە تورکەکانیان دەجولێنەوە و هەمان هەڵوێست نیشان دەدەن.

دەوڵەتی تورك منداڵی سێ، پێنج ساڵان دەکوژێت، ئەنفالچیەکانی بەعسیش تەمەنی منداڵانیان گەورە دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن لە سێدارەیان بدەن، هەر بۆیە دەپرسم تۆ بڵێی دەسەڵاتدارانی سلێمانیش هاوشێوەی ئەنفالچیەکان تەمەنی(لالە) گەورە نەکەن بۆ ئەوەی بتوانن سزای بدەن؟!